گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# بەرپرسیاریەتی شارستانی خاوەن کەپرە گەشتیاریەکان لە هەرێمی کوردستان

**پ.ی.د رضوان شريف صالح**
بەشی یاسا، فاکەڵتی یاسا و زانستە سیاسیەکان و بەڕێوەبردن، زانکۆی سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق.
rdhwan.salih@soran.edu.iq

**هێلین عبدالرحمن تۆفیق**
پارێزەر سەندیکای پارێزەرانی کوردستان، هەرێمی کوردستان، عێراق.
helinabdulrahman9@gmail.com

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٣/٢/٢٧
پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٥/٢١
بڵاو کردنەوە:هاوین ٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان**
*Civil Responsibility, Contractual Responsibility, Tort Responsibility, Tourist Gazebo, Tourist*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.2.4

## پوختە

مرۆڤەکان بەرپرسیارن لە چۆنیەتی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ئەو کاڵا و شتانەی کە لە ژێر چاودیری یان لەژێر دەستی ئەوانن، و لە کاتی دروست بوونی هەر زیانێک بە هۆیانەوە، بەرپرسیاریەتی شارستانی دروست دەبێت و لە ئەنجامدا پێویستە کەسی زیان پێکەوتوو قەرەبوو بکرێتەوە. کەپرە گەشتیارییەکانیش کە لە ئێستادا زۆر بڵاون لە ناوچە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان، بەدەر نین لە زیان گەیاندن بە گەشتیاران و زۆر جار بونەتە هۆی ڕووداوی جۆراوجۆر لە شوێنە گەشتیارییەکان، تەنانەت بونەتە هۆی مردنی گەشتیار. هەرچەند بەیاسا یاخود مادەیەکی تایبەت بەرپرسیاریەتی خاوەن کەپرە گەشتیارییەکان ڕێکنەخراوە، بەڵام لە کاتی بوونی هەر زیانێک بە پێی حوکمە گشتیەکانی یاسای شارستانی عێراقی و ڕێنماییەکان بڕیاری لەسەر دەدرێت. بۆیە مەبەستی سەرەکی لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانێکە بۆ دیاری کردنی جۆری بەرپرسیاریەتی خاوەنی کەپرە گەشتیارییەکان و گونجاندنی یاسایی ئەم بەرپرسیاریەتی و هەروەها خستنەڕووی

مەرجەکان و بنچینەی یاسایی بەرپرسیاریەتیەکەیە. بۆ گەیشتن بەو مەبەستەش، لەم توێژینەوەیەدا، پەیڕەوی میتۆدی شیکاری و بەراوردکاری کراوە کە شیکردنەوە بۆ مادە پەیوەندیدارەکان لە یاسای شارستانی عێراقی بەرکار لە هەرێمی کوردستان کراوە بە بەراوردکردنیان لەگەڵ یاسای شارستانی میسری و ئوردنی. لە کۆتاییدا، گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە بەرپرسیاریەتی خاوەن کەپرە گەشتیارییەکان دەکرێت گرێبەستی بێت و دەشکرێت کەمتەرخەمی بێت لە جۆری بینا کە پێویستە کۆمەلێک مەرج بێنەدی تاوەکو بەرپرسیاریەتیەکەش دروست ببێت، و پێشنیاریش کراوە کە ئەم بەرپرسیاریەتیە بە شێوەیەکیووردتر رێکخستنی یاسایی بۆ بکرێت.

## 1. پێشەکی

لەم ساڵانەی دوای، لە هەرێمی کوردستاندا، کەرتی گەشت و گوزار تا ڕادەیەکی باش بەرەو پێش هەنگاوی ناوە. وای لێهاتووە خەڵکی ناوچە گەشت و گوزارییەکان زەوی و زارەکانیان بە شێوازێکی گەشتیاری بەکار بهێنن کە سودێکی داراییان بۆ هەبێت. زۆرێک لە خەڵکی ئەم ناوچانە کەپری گەشتیاریان دروست کردووە کە شوێنی حەوانەوە بۆ گەشتیاران دابین دەکات و گەشتیاران لە هەرێمی کوردستان و عێراق ڕووی تێدەکەن. سەرەڕای هەبوونی شوێنی گەشتیاریتر وەکو هۆتێل، هەوارگە، ڤێلاکان لەم ناوچانە، بەڵام گەشتیاران زیاتر ئارەزووی بەکرێگرتن و بەکارهێنانی کەپرە گەشتیارییەکان دەکەن بۆ ئەوەی زیاتر تێکەڵی سروشتە جوان و دڵگیرەکەی ناوچەکە ببن.

لە سنوری ئیدارەی سەربەخۆی سۆرانیش کەپری زۆر بەدیدەکرێن لەسەر ڕووبارەکان و گۆمەکان و ناوچە گەشتیارییەکانی دیکەی کە هەندیک جار بووینەتە هۆی ڕووداوی جۆراوجۆر لەو ناوچانە و لە ئەنجامدا زیان بەر چەندها گەشتیاران کەوتووە و تەنانەت بونەتە هۆی مردنی گەشتیار، و سەختی کاری دادگاکان لەم بوارەدا وای کردووە زۆربەی جار گەشتیاران داوای قەرەبووکردنەوەی زیانەکان نەکەن و خاوەن ماف بە مافە یاساییەکانی خۆی نەگات.

### 1.1 گرنگی توێژینەوە

گرنگی ئەم توێژینەوەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە باس لە بابەتێکی گرنگ دەکات لە هەرێم و ناوچەکە بەتایبەت، چونکە ئەو ڕووداوانەی ڕوویانداوە لە پرۆژە گەشتیارییەکانی کەپرەکان بونەتە هۆکاری زەرەرمەند بوونی زۆر گەشتیار، بۆیە ڕوونکردنەوە و لێکۆڵینەوەی بابەتەکە گرنگی تایبەتی هەیە بۆ گەشتیاران تاوەکو ئاگاداری مافە یاساییەکانیان بن و بزانن کە خاوەن کەپرەکان هەم بەرپرسیاریەتی گرێبەستی و هەمیش بەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمیان لەسەر شان دروست دەبێت و پێویستە لە کاتی زیان پێکەوتنیان قەرەبووبکرێنەوە. بە پێی بەدواداچوونی ئێمەش تا ئێستا هیچ توێژینەوەیەکی ئەکادیمی یاسایی لەسەر ئەم بابەتە نەکراوە، بۆیە هەوڵ دەدەین لە ڕێگەی ئەم توێژینەیەوە ئەم بۆشاییە ئەکادیمیە یاساییە پڕبکەینەوە و بەرپرسیاریەتی شارستانی خاوەن کەپرە گەشتیارییەکان ڕوون بکەینەوە.

### 1.2ئامانجی توێژینەوە

مەبەستی سەرەکی توێژینەوەکەمان ڕوونکردنەوەی بەرپرسیارییەتی شارستانی خاوەن کەپرە گەشتیارییەکانە بۆ بەدیهێنانی چەند ئامانجێک، لەوانەش:

1. دیارکردنی بەرپرسیاریەتی شارستانی خاوەن کەپرە گەشتیارییەکان کە بەهۆی کەمتەر خەمیان بوونەتە هۆی زیان گەیاندن بە گەشتیاران یان بە هۆی جێبەجێ نەکردنی بەندەکانی گرێبەستی بەکرێدانی کەپرەکان،
2. ڕوون کردنەوەی چۆنیەتی دروست بوونی ئەم بەرپرسیارییەتیە و هۆکارەکان و بنچینەی دروست بوونی ئەم بەرپرسیاریەتیە، و
3. خستنەرووی چارەسەر و ڕێکخستنێکی یاسایی بۆ ئەم ڕووداوانەی لە پرۆژەکانی کەپرە گەشتیارییەکان ڕوودەدەن.

### 1.3 کێشە و پرسیارەکانی توێژینەوە

کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە نەبوونی یاسایەکی تایبەتە بە کەپرە گەشتیارییەکان لە هەرێمی کوردستاندا کە بەرپرسیاریەتی خاوەنی ئەم کەپرانەی بە ووردی دیاری کردبێت، سەرەرای زۆری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شوێنە گەشتیاریەکان و زۆری ژمارەی کەپرەکان لە هەرێمدا. کەواتە بایەخێکی تایبەت بەو بابەتە نەدراوە و جۆری بەرپرسیاریەتی شارستانی ئەم کەپرانە روون نیە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی گەشتیاران زانیاری یاسایی پێویستان لەم بارەیەوە نەبێت و نەتوانن داوای مافەکانی خۆیان بکەن لە کاتی زیانبەرکەوتنیان لەو شوێنانە.

بۆیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئاماژەپێکراو، ئەم توێژینەوەیە هەوڵیداوە وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بداتەوە:

1. ئایابەرپرسیاریەتی شارستانی خاوەن کەپرە گەشتیارییەکان لە کاتی بەرکەوتنی زیان بەر گەشتیاران، چ جۆرێکە؟و مەرجەکانی ئەم بەرپرسیارییەتیە چین؟
2. ئایا بنچینەی بەرپرسیاریەتی خاوەن کەپرە گەشتیارییەکان چیە؟ ئایا دەکرێت خاوەن کەپر خۆی لەو بەرپرسیاریەتیە دەرباز بکات؟
3. چ رێکخستنێکی یاسایی تایبەت بۆ بەرپرسیاریەتی خاوەن کەپرە گەشتیارییەکان پێویستە هەبێت؟

## 1.4 میتۆدی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە پشتی بەستووە بە زیاتر لە میتۆدێک، میتۆدی شیکاری بەکار هاتووە لەکاتی دیاریکردنی بەرپرسیاریەتی شارستانی خاوەن کەپرە گەشتیارییەکان لە ڕێگەی شیکردنەوەی دەقە یاساییەکان لە یاساکانی هەرێمی کوردستان و یاساکانی بەراوردکاری. هەروەها میتۆدی بەراوردکاری بەکار هێنراوە بە مەبەستی دەرخستنی کەم و کورپەکان لە یاسا و ڕێنماییەکانی بەرکار لە هەرێمی کوردستان و دیاریکردنی لایەنە بەهێز و لاوازی دەقە یاساییەکان کە بەراوردکاریە لە نێوان یاسای شارستانی عێراقی و یاسای شارستانی ئوردنی و میسری.

## 1.5 پێکهاتەی توێژینەوە

توێژینەوەکە جگە لەم پێشەکیە و دەرئەنجام، چوار بەشی سەرەکی لەخۆ دەگرێت. لە بەشی یەکەمدا کەپرە گەشتیارییەکان دەناسێنرێن و لە بەشی دووەمدا گونجاندنی یاسایی دەکرێت بۆ بەرپرسیاریەتی یاسایی خاوەن کەپرە گەشتیارییەکان. بەشی سێیەم، مەرجەکانی دروست بوونی بەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمی خاوەن کەپرە گەشتیارییەکان دیار دەکات و لە بەشی چوارەمیشدا، بنچینەی بەرپرسیاریەتی شارستانی ئەم بەرپرسیاریەتیە و رێگاکانی خۆ دەربازکردن لێی دەخرێنەروو.

## 2. ناساندنی کەپرە گەشتیارییەکان

کەپرە گەشتیارییەکان مێژوویێکی کۆنیان هەیە لە جیهان و بەهەمان شێوە لە هەرێمی کوردستانیشدا چونکە هەر لەکۆنەوە ئەم کەپرانە سودیان لێوەرگیراوە و لە نزیک سەرچاوە ئاوییەکان و لەسەر دەریاچەکان دروستکراون بەمەبەستی سود وەرگرتن لە فێنکی سەرچاوە ئاوییەکان لە وەرزی هاویناندا، ئەمەش وای کردووە گەشتیاران لە شوێنە جیاوازەکان ڕوویان تێبکەن. کەپرە گەشتیارییەکان شێوازی جۆراوجۆریان هەیە، بەگوێرەی گۆڕانی سەردەم ئەوانیش گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، بۆ نمونە لە کوردستان سەرەتا ئەم کەپرانە بە دار و حەسیر دروستکراون، بەڵام لە ئێستادا جگە لە چەند ناوچەیەکی گەشتیاری کەم نەبێت، لە رووی شکڵ و شێوازو پێکهاتەکانیان گۆڕدراون. کەواتە کەپرە گەشتیارییەکان بەگوێرەی بەرەو پێشچونی سەردەم گۆڕاون و شێواز یان مەرجەکانی خۆشگوزەرانی زیاتر تێدا فەراهەم کراون، بەجۆرێک گەشتیاران هەست بە ئاسوودەیی بکەن لەکاتی گەشتکردن بۆ ئەم ناوچانە. لە سنوری ئیدارەی سەربەخۆی سۆرانیش شوێنی گەشتیاری جۆراو جۆر هەیە، بەتایبەتی شوێنە گەشتیارییە ئاوییەکان کە کەپری زۆریان تیادا بنیاتنراون بۆ چێژوەرگرتنی هاوڵاتیان وەکو هاوینە هەواری بێخاڵ و وەرتێ و چۆمان و زرارا و ....هتد.
سەبارەت بە پێناسەکردنی کەپرە گەشتیارییەکان، لە هیچ یاسایەکی عێراقیدا پێناسەیان بوونی نیە. نە تەنها لە یاساکان، بەڵکو لە هیچ سەرچاوەیەکی تریشدا پێناسەیان بۆ نەکراوە، تەنانەت لە یاساکانی گەشت و گوزاری هەرێمی کوردستانیش. لە فەرهەنگە زمانەوانییە بیانییەکان پێناسەی جیاواز بۆ کەپر کراوە کە لە ڕووی چەمکەوە تا رادەیەک هەمان مانایان هەیە، بۆ نموونە پێناسە کراوە بەوەی

"پێکهاتەیەکی سەربەخۆ و سەقفدارە کە بەزۆری لایەنی کراوەیە و شوێنی پشوودانی سێبەردار دابین دەکات (The Free Dictionary, n.d.). فەرهەنگی ئۆکسفۆرد پێناسەی کردووە بەوەی کە "١. بینایەکی بچووک کە لایەکانی کراوەن لە باخچەیەکدا، بە تایبەت کە دیمەنێکی هەیە. ٢.پێکهاتەیەکی کاتی وەک چادرێکی گەورە کە لاکانی کراوەن و بەکاردێت بۆ دابینکردنی پەناگە لە بۆنەیەکی دەرەوەدا" (Oxford Learning's Dictionaries, n.d.). لە فەرهەنگی کامبرێج دا هاتووە کە کەپر بریتیە لە "پەناگەیەکی بچووک کە زۆرجار ڕازاوەتەوە و دیواری نییە، بەزۆری لە شوێنێکی کراوەدایە کە خەڵک تیایدا پشوو دەدەن و ئارام دەگرن"( Cambridge Dictionary, n.d.).لە فەرهەنگێکی یاسایشدا پێناسە کراوە بەوەی " پێکهاتەیەکی سەربەخۆ و سەقفدارە کە بەزۆری لە لاکانەوە کراوە دەبێت. یاخود دروستکراوەیەکی سەربەخۆیە کە بە تەواوی یان بەشێکی سەقفدارکراوە یان داپۆشراوە، دیزاین کراوە بە شێوەیەک کە لایەکانی بە تەواوی یان بەشێکی کراوە بێت، دروست کراوە و دانراوە بۆ دابینکردنی ژیانی دەرەوە، چێشت لێنان ویان کات بەسەربردن" (Law Insider, n.d.).

لە هەرێمی کوردستاندا کەپرە گەشتیارییەکان تەنها بە ڕێنماییەک باسکراون ئەویش ڕێنمایی دەستەی گەشت و گوزارە کە پێناسەی کەپری نەکردووە بەڵام لە یەکێک لە مەرجەکاندا هاتووە کەپرەکە پێویستە دروستکرابێت لە تەختە و دار و بۆری...هتد، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە کەپری گەشتیاری شێوازی جۆراو جۆری هەیە، هەروەها بە پێی ڕێنماییەکانی دەستەی گەشت و گوزار کە بە نوسراوی ژمارە (٦٠٠/١٣٧٦/ دەرچووە لە ٢٠١٨/٩/٥)، کەپرەکان پێویستە کۆمەڵێک مەرج لەخۆ بگرێت لە گرنگترینیان بریتین لە:

1. جۆری کەپرەکە پێویستە دروستبکرێت لە تەختە یان ئاسن و بۆری ...هتد بە مەرجێک ڕووپۆش بکرێت بە کەرستەی سروشتی جوان و نە شێواندنی سروشتی ناوچەکە ڕەچاو بکرێت لەگەڵ سەلامەتی گەشتیار.
2. بە هیچ جۆرێک ناکرێت پەڕۆک (قوماش) بەکار بهێندرێت بۆ ناوبڕ و سەر کەپرەکان و تەنیشتەکانی و دەرگای پشتەوە دار بێت بۆ هەردوو ڕوو بکرێتەوە.

3. سەقفی کەپرەکە ناکرێت بە شێوەی ڕاست بێت بەڵکو دەبێت شێوەی قەوس یان سێگۆشەیی هەبێت.
4. کەپرەکان پێویستە ڕووبەریان جۆراوجۆر بێت بە پێی ڕووبەری گشتی زەویەکە لە نێوان(٩م، ١٢،١٥،...هتد) واتە ڕووبەری کەپرەکە لە ٩م کەمتر نەبێت.
5. ئەرزیەی زەوی کەپرەکان ڕووپۆشکرابێت بە (چیمەنتۆی تێکەڵ کراو بە ڕەنگی بۆیەی دهنی، ستامپ، تەختە، کاشی، شتایگەر،...هتد
6. بەرزی کەپرەکان لەسەر ڕووی زەوی لە ٢٠سم کەمتر نەبێت و ڕەچاوی شوێنی هاتووچۆی کەسی دروست و کەم ئەندام(خاوەن پێداویستی تایبەت) بکرێت.
7. ڕێڕەوی هاتن و چوون لە نێوان کەپرەکان ڕەچاو بکرێت.
8. دانانی کۆگا بە مەبەستی دانانی پێداویستی کەمپینگ بۆ گەشتیارەکان بۆ بەکرێدانی لە کاتی پێویست.
9. دابینکردنی ڕێڕەوی ئاوی پیس.
10. دابینکردنی کرێکاری تایبەت بۆ پاککردنەوە.
11. دووری کەپرەکان لە ڕووبار و ئەو شوێنانەی ئاوی تێدایە لە ٥م کەمتر نەبێت.
12. سیاج کردن مدرج کردنی شوێنەکە بە پێی پێداویستی چوونە ناو ئاوەکان.
13. ئامادەکردنی شوێنی تایبەت بۆ سەردانیکاران، بۆ مەلەکردن شوێنێکی تایبەت بۆ منداڵان بە ڕەچاوکردنی سەلامەتی گەشتیاران.
14. دامەزراندنی مەلەوانێک بۆ سەلامەتی گیانی گەشتیاران.
15. دابینکردنی کارەبا و بلاجیکتۆر بۆ کەپرەکان.
16. سەلامەتی گیانی گەشتیاران دەکەوێتە ئەستۆی خاوەن کەپر.

لەبەر نەبوونی پێناسەیەکی گونجاو لە یاسا و سەرچاوەکانی تر بۆ کەپرە گەشتیارییەکان و پاڵپشت بە تایبەتمەندییەکانی ئەم کەپرانە کە لە ڕێنمایی ئاماژە پێکراوی سەرەوەدا هاتوون، توێژەر پێناسەی کەپری گەشتیاری دەکات بەوەی کە بریتییە لە هەر پێکهاتە یان دامەزراوەیەکی جێگیرکراوی سەقفداری کراوە و بۆ حەوانەوەی گەشتیاران دروستکرا بێت لە تەنیشت سەرچاوەیەکی ئاوی یان

شوێنێکی گەشتیاری بە هەر پێکهاتەیەک، کە سەرجەم کەل و پەلی فریاکەوتن و مەرجەکانی سەلامەتی گەشتیارییان تێدا بێت و ١٥ مەتر دور بێ لە سەرچاوەی ئاوەکە. پێشنیار دەکەین ئەم پێناسەیە بە دەقێکی یاسایی جێگیر بکرێت.

## 3.گونجاندنی یاسایی بەرپرسیاریەتی خاوەن کەپرە گەشتیارییەکان

لەم بەشەدا هەڵدەستین بە گونجاندنی بەرپرسیاریەتی یاسایی خاوەن کەپرە گەشتیارییەکان کە تیایدا روونی دەکەینەوە ئایا بەرپرسیاریەتی خاوەن کەپرەکان گرێبەستیە یان کەمتەرخەمیە:

### 3.1 گونجاندنی یاسایی بەرپرسیاریەتی خاوەن کەپرە گەشتیارییەکان بەوەی کە گرێبەستییە

گونجاندنی یاسایی بەرپرسیارییەتی خاوەن کەپری گەشتیاری بەوەی کە گرێبەستیە سەرەتا ئەمانە رووندەکەینەوە ئایا بەرپرسیارییەتی خاوەن کەپری گەشتیاری گرێبەستییە لە کاتێکدا هیچ گرێبەستێکی نوسراو نییە لە نێوان بەکرێدەر یان خاوەنی کەپرەکە و گەشتیارەکە، ئەگەر گرێبەستیە چۆن ئەم گرێبەستە دروست دەبێت؟ هەروەها چ جۆرە گرێبەستێکە؟

هەندێک لە بیروبۆچونەکان پێیان وایە بەرپرسیاریەتی شارستانی خاوەن کەپرە گەشتیارییەکان لە جۆری گرێبەستییە چونکە گرێبەستێک هەیە لە نێوان خاوەنی کەپرە گەشتیارییەکان و گەشتیاران و هەریەک لە لایەنەکانی گرێبەست ئەرک و پابەندی جیاوازیان لەسەرشان دەبێت بە پێی ناوەرۆکی گرێبەستی ئەنجام دراوی نێوانیان، بۆنمونە خاوەنی کەپر کە بەکرێدەرە، ئەرکی دابینکردن و خستنە بەر خزمەتی کەپرەکەیە بۆ گەشتیار، لەگەڵ دابینکردنی ئەم خزمەتگوزاریانە کە لەسەری رێککەوتوون، و ئەرکی گەشتیاریش کە بەکرێگرەکەیە، پدانی ئەو برە پارەیەیە کە لەسەری رێککەوتوون لەبەرامبەر بەکرێگرتنی کەپرەکە و ئەم خزمەتگوزاریانەی کە دابینکراون بۆی، سەرەرای پاراستنی کەپرەکە. لە برگەی یەکەمی ماددە(١٥٠)ی یاسای شارستانی عێراقی ژمارە (٤٠)ی ساڵی ١٩٥١ی بەرکار لە هەرێمی کوردستاندا هاتووە "پێویستە گرێبەست بە پێی ناوەڕۆکەکەی و بە رێگەیەکی گونجاو لەگەڵ نیاز پاکی جێبەجێبکرێت". بۆیە هەرکاتێک خاوەن کەپری گەشتیاری هەڵسێ بە سەرپێچیکردنی پابەندبوونەک لە پابەندبوونەکانی گرێبەستەکە یان جێبەجێنەکردنی ئەرکێکی یاسایی دیاریکراوی ئەوا بەرپرسیار دەبێت، چونکە لە ماددە (١٦٨)ی یاساکەدا هاتووە

"ئەگەر مەحاڵ بوو کەسی پابەندبوو بە گرێبەست خودی ئەرکەکە جێبەجێ بکات، بڕیاری قەرەبووکردنەوەی لەسەر دەدرێت بەهۆی پابەندنەبوونی بە ئەرکەکەی، مەگەر سەڵمێندرا مەحاڵبوونی جێبەجێکردنی ئەرکەکە لە هۆکارێکی بیانییەوە سەریهەڵداوە کە هیچ دەستی ئەو لایەنەی تیادا نەبێت، و هەروەها ئەگەر ئەو کەسە دواکەوت لە جێبەجێکردنی ئەرکەکەی هەمان بڕیار دەدرێت".

لە ژێر ڕۆشنایی ئەم دوو دەقە یاساییانە دەتوانرێت بگووترێت کە بەرپرسیاریەتی خاوەنی کەپرەکان، بەرپرسیاریەتیەکی گرێبەستیە کاتێک گەشتیار هەڵدەستێت بە بەکرێگرتنی کەپرێک لە شوێنێکی گەشتیاری لە خاوەنی کەپرەکە و هەردوو لایەن ڕێکدەکەون لەسەر نرخ، مەرج، مۆدێل و شێوازی کەپرەکە و سەرجەم ئەم خزمەتگوزاریانەی کە کەپرەکە لەخۆ دەگرێت. کەواتە، بەرپرسیارییەتی خاوەن کەپری گەشتیاری کە کەسی بەکرێدەرە گرێبەستییە و گرێبەستەکەش بریتیە لە گرێبەستی بەکرێدانی کەپر، چونکە سەرجەم ئەو پابەندبوونانە دەکەوێتە سەر خاوەنی کەپرەکە و گەشتیاران کە لەناو گرێبەستی بەکرێداندا هەیە و لایەنێک هەڵدەستێ بە بەکرێگرتنی کەپرەکە لە لایەنێکی تر و لە ئەنجامدا ئەرک و ماف بۆ لایەنەکان دروست دەبێت.

پێویستە تێبینی ئەوەش بکرێت بۆ ئەوەی بەرپرسیاریەتی گرێبەستی بێتەدی، مەرجە گرێبەستەکە هەرسێ پایەکانی گرێبەست: ڕەزامەندی، بنگە (محل) و هۆکاری گرێبەست لەخۆبگرێت و راست و دروست بێت، چونکە ئەگەر گرێبەستەکە راست و دروست نەبێت، ئەوە واتای ئەوەیە کە هیچ گرێبەستێک نیە و لە ئەنجامدا هیچ بەرپرسیاریەتێکی گرێبەستیش دروست نابێت. هەروەها ئەو کاتە بەرپرسیاریەتییەکە دروست دەبێت کە لایەنێکی گرێبەست سەرپێچی بکات لە یەکێک یان زیاتر لە پابەندبوونەکانی ناو گرێبەستەکە و ئەم سەرپێچیکردنە ببێتە هۆی زیانگەیاندن بە لایەنەکەی تری گرێبەستەکە (سعد،٢٠٠٤،ص٣٧٧).

سەبارەت بە شکلی گرێبەستی بەکرێدانی کەپرە گەشتیاریەکان، روونە کە ڕێنماییەکان کە لەلایەن دەستەی گەشت و گوزار دەرکراون بوونی پایەی شکلییان لەم گرێبەستە بە مەرج دانەناوە، بۆیەشە دەکرێت گرێبەستەکە بەشێوەی نوسراو بێت و دەشکرێت بەشێوەی زارەکی بێت. تێبینی ئەوەش دەکرێت کە گرێبەستی نێوان ئەم دوو لایەنە، زۆربەی جار گرێبەستێکی زارەکییە، نەک نوسراو؛ ئینجا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم گرێبەستە زارەکیەش بە دوو شێواز ئەنجام دەدرێت: گرێبەستەکە لە نێوان دوو لایەنی ئامادەبوو لەهەمان شوێن دەبێت یان لە نیوان دوو لایەنی ئامادە نەبوو، بەم شێوەی خوارەوە:

یەکەم: گرێبەستی بەکرێدانی کەپرە گەشتیارییەکان لە نێوان دوو لایەنی ئامادەبوو لە هەمان شوێن لێرەدا بە مەبەستی بەکرێگرتنی کەپرە گەشتیارییەکان، خاوەن کەپرە و گەشتیار لە هەمان شوێن و کاتدا ئامادەن و هیچ کاتێک ناکەوێتە نێوانیان و گرێبەستی نێوانیان هەر لەو کات و شوێنەدا دەبەسترێت کە گرێبەستکاران ئیرادەی خۆیان تیایدا دەردەبڕن و ڕەزامەندی دێتەدی لە نێوانیاندا. لە مادده (٨٢)ی یاسای شارستانی عێراقیدا هاتووە "لایەنەکان دووای داواکردن(ئیجاب) تاکو دواین دانیشتن سەرپشکن، ئەگەر داواکار دوای داواکردن و پێش قەبوڵکردن پەشیمان بوویەوە یان یەکێک لە لایەنەکان قسەیەک یان کردەوەیەکی کرد کە واتای چەند مەبەستێکی دەگەیاند، داواکردن هەڵدەوەشێتەوە و ئەو قبوڵکردنەی دوای ئەوە ڕوودەدات بە هەند وەرناگیرێت. هەروەها لەمادده (٨٣)ی هەمان یاسادا هاتووە "دووبارەکردنەوەی داواکردن پێش قبوڵکردنی، داواکردنی یەکەم هەڵدەوەشێنێتەوە و داواکردنی دووەم بەهەند وەردەگیرێت."

دووەم: گرێبەستی بەکرێدانی کەپرە گەشتیارییەکان لە نێوان دوو لایەنی ئامادە نەبوو لە هەمان شوێن

بەهۆی پێشکەوتنە بەردەوامەکان لەبواری تەکنەلۆجیا و زۆربوونی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن لەم سەردەمەدا زۆرێک لە گرێبەستەکانی بەکرێدانی کەپری گەشتیاری ئەنجام دەدرێن لە نێوان لایەنەکان بە شێوازێک کە لایەنەکانی گرێبەست ئامادەنین لە هەمان شوێندا. لە مادە ٨٧ی یاسای شارستانی عێراقیدا هاتووە "١. گرێبەستی نێوان ئامادە نەبوو بە بەستراو دادەنرێت لەو شوێن و کاتە کە موجیب ئاگەداری قبوڵەکە بێت، مەگەر ڕێکەوتنێکی ڕاشکاو یان نا ڕاشکاوانە یان دەقێکی یاسایی هەبێت پێچەوانەی ئەمە دیارییکات.٢.گریمانە دەکرێت کە موجیب لەو شوێن و کاتەی کە پێی گەیشتوە بەو قبوڵکردنەی زانیبێت."

ئەوەی لێرەدا پێویستە سەرنجی پێبدرێت، گرێبەستکردنە لە ڕێگای تەلەفۆن کە زۆرێک لە گرێبەستەکانی بەکرێدانی کەپرە گەشتیارییەکان لە ڕێگەی تەلەفۆن و ڤایبەر و واتس ئەپ و ...هتد ئەنجام دەدرێن، چونکە گەشتیاران لە شوێن و شاری دوورتر و جیاوازتر لەو شوێنانەن کە کەپرە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گەشـتیارییەکانیان تێدایە و زۆربەی جار لە ڕێگای تەلەفۆنەوە کەپر بە کرێ دەگرن. لەم بارەشـەوە لە مادە (٨٨)ی یاسای شارستانی عێراقیدا هاتووە کە بەستنی گرێبەست بە تەلەفۆن یان هەر ڕێگایەکی تری هاوشـێوە، وەکو ئەوە وایە لە نێوان دوو ئامادەبوو بەسـتراوە لە رووی کات و وەکو ئەوەش وایە لە نێوان دوو ئامادەنەبوو بەسـتراوە لە رووی شـوێن.یاسـای شـارسـتانی ئوردنیش لە مادە (١٠٢)دا بەهەمان شـێوەی یاسـای شـارسـتانی عێراقی ئەو بابەتەی رێکخسـتووە هەمان رێخکخسـتن لەخۆ دەگرێت.

لە کۆتایی ئەم لقەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەگەر گرێبەسـتێکی دروسـت لە نێوان خاوەن کەپری گەشتیاری و گەشتیاردا هەبوو، جا گرێبەستکاران لە هەمان شوێن و کاتدا ئامادە بن یان نە و بە هەر رێگایەک بەسـترا بێ، کە هەرسـێ پایەکانی گرێبەسـت: ڕەزامەندی و بنگە و هۆکاری لەخۆگرتبێت، و خاوەن کەپر سـەرپێچی بکات لە یەکێک یان زیاتر لە پابەندبوونەکانی ناو گرێبەسـتەکە یاخود گرێبەسـتەکەی جێبەجێ نەکرد وەک ئەوەی لەسـەری رێککەوتبوون، بۆ نموونە دوای گەیشـتی گەشـتیارە بەکرێگرەکە بە سـەیرانگەی، خاوەن کەپر پێی راگەیاند کە هیچ کەپرێکی بەتاڵ نەماوە، یاخود پێویستە کرێیەکی زیاتر لەوەی لەسەری رێککەوتبوون بدات، یان کەپرەکە بەو شێوەیە نەبوو کە لەسـەری رێککەوتبوون، یـان خزمەتگووزاریە داواکراوەکـانی گەشـتیـاری دابین نەکرد، و بەم سەرپێچیکردنەش گەشتیاری بەکرێگر زیانی بەرکەوت، ئەوا بەرپرسیارییەتی گرێبەستی دەکەوێتە سەر شانی خاوەن کەپر و پێویستە گەشتیارە زیانمەندەکە قەرەبوو بکاتەوە.

## 3.2 گونجاندنی یاسایی بەرپرسیاریەتی خاوەن کەپرە گەشتیارییەکان بەوەی کە کەمتەرخەمییە

هەروەک لە لقی پێشتر باس کرا دەکرێت بەرپرسیاریەتی شارستانی خاوەن کەپرە گەشـتیارییەکان، بەرپرسـیاریەتی گرێبەسـتی بێت. بەرپرسـیاریەتی گرێبەسـتیش نابێ تەنها مەگەر گرێبەسـتێکی دروسـت هەبێت لە نێوان زیان لێکەوتوو و کەسـی بەرپرسـیار لە زیان کە ئەم زیانە لە دەرئەنجامی جێبەجێ نەکردنی لایەنێک بێت بە پابەندبوونێکی گرێبەسـتی (الزلمی، ١٩٩٩،ص٣٥٦). بەڵام پێویستە تێبینی ئەوەش بکرێت کە بەرپرسیاریەتی خاوەن کەپرە گەشتیارییەکان دەکرێت بەرپرسیاریەتیەکی شـارسـتانی بێت لە جۆری کەمتەرخەمی هەر کاتێک گرێبەسـتێک بوونی نەبوو و دەتوانین بڵێین بە دەگمەن بەرپرسـیاری خاوەنی کەپرە گەشـتیارییەکان گرێبەسـتی دەبێت چونکە ئەو زیانانەی کە لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناوچە گەشتیارییەکان دەکەونەوە زۆربەیان زیانی گەورەن و بەهۆی کەمتەرخەمی و جێبەجێ نەکردنی ڕێنماییەکان لە لایان خاوەنی ئەم کەپرانە ڕوودەدات.

کەواتە زۆربەی جار بەرپرسیارییەتی خاوەنی کەپرە گەشتیارییەکان، بەرپرسیاریەتی شارستانیە لە جۆری کەمتەرخەمی لە ئەنجامی پێشێلکردنی ئەرکێکی یاسایی کە پێویستە کەسەکە بە ڕێوشوێنی پێویست بگرێتەبەر تاوەکو زیان بە گەشتیاران نەگات کە بە نەگرتنەبەری توشی بەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمی دەبێت، بەرپرسیارییەتی کەمتەرخەمی ئەوەیە کە کەسێک توشی قەرەبووی ئەو زیانە دەبێتەوە کە رووی داوە لە ئەنجامی ئەو کردەوەیەی کە کردوویەتی یان لەو کردەوەیەی کە لە ژێر چاودێری ئەودا ڕوویداوە و لە ئەنجامی لادانی لەوەی کە بە پێی یاسا لەسەریەتی ( المیاحی،٢٠١٦،ص٢٣).

وەک ئاشکراشە، بە پێی یاسای شارستانی عێراقی، بەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمی چەند جۆرێکی هەیە. ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە بزانین بەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمی خاوەن کەپرە گەشتیاریەکان چ جۆرە بەرپرسیاریەتیەکی کەمتەرخەمیە. ئەگەر سەیری کەپرە گەشتیارییەکان بکەین و سەرنج بدەینە پێکهاتەی ئەم کەپرانە، بە تایبەتی لەسەردەمی ئێستادا، تێبینی ئەوە دەکەین کە کەپرەکان دامەزراوەیەکن کە لەسەر خاک جێگیر کراون و سەرجەم تایبەتمەندیەکانی ژووری خانووەیەکیان هەیە بەڵام بەشێوەی کراوەتر و بچوکتر کە لە چەند لایەکی کراوەتەوە بۆ بینینی دیمەنە جوانەکان و سەرنج ڕاکێشەکانی سەیرانگاکە، کەواتە دەتوانین بڵێین باڵەخانەیەک کەپرە گەشتیارییەکان بینا (باڵەخانە)ن. بیناکان پێناسە کراون بەوەی ئەو شتانەن کە مرۆڤ بنیاتی ناون لەسەر زەوی وەکو پەناگەیەک بۆ حەوانەوە، و بۆ خزمەتی مرۆڤ دروستکراون جا خانوو بێت یان پرد یان کارگە یان وەکو خەزانات و ئەو شتانەی کە جێگیرکراون بە دیوارەکان وەکو تەلی کارەبا یان دەرگا و پەنجەرە، هەروەها سەبارەت بە نەگوێزراوەی تایبەتمەند کراو(عقار بالتخصیص) دانانرێت بە بینا ( السنهوری،بدون السنة نشر، ص٩٠٩). جا لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە کەپرەکان و هەر شتێکیش کە تەرخانکرابێت وەک خزمەتگوزاریەک بۆ نیشتە جێبوون لەم کەپرانە وەکو کارەبا، ئاو ئامێرەکانی فێنککردنەوە و دیوار یاخود ئەو پەرژینانەی  کە دروست دەکرێن لە بەردەم کەپرەکان کە کەوتوونەتە سەر ڕووبارەکان یان گۆمەکان وەکو ئامرازێک بۆ سەلامەتی گەشتیاران لە هەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕووداوێکی نەخوازراوی خنکان بە بینا دادەنرێن، بۆیەشـــە بەرپرســـیارییەتی خاوەنی ئەم کەپرانە بریتی دەبێت لە بەرپرسیاریتی لە بیناکان.

مادده(٢٢٩)ی یاسای شارستانی عێراقی، ئەو ماددەیەیە کە دەکرێت جێبەجێی بکرێت لەسەر خاوەن کەپرە گەشتیارییەکان کە تیایدا هاتوو "ئەگەر باڵەخانەیەک ڕووخا و زیانی بە کەسانی دیکە گەیاند، ئەگەر باڵەخانەکە مەیلی دارمانی هەبوو یان عەیبێکی تیادابوو کە بووە هۆی دارمانی و خاوەنەکەی لەوە ئاگادار کرابوویەوە یان بە حاڵەتی باڵەخانەکەی دەزانی یان پێویست بوو بەو حاڵەتە بزانێت، بەر پرسیار دەبێت". هەروەها بە پێی ڕێنمایی دەستەی گەشت و گوزار، هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد، پێوسیتە کەپری گەشتیاری سەرجەم مەرجەکانی سەلامەتی تێدابێت، دور بێت لە مەترسی کەوتن، سـەرجەم کەل و پەلەکانی فریاکەوتنی تێدابێت، کراوە بێت نەک داخراو، کارەبا وئاوی پاک و ئامێری فێنک کەرەوەی تێدابێ، سەرجەم ڕێککارەکانی سەلامەتی خێزانی بۆ دابینکرابێت و دور بێت لە هەر ڕووداوێکی نەخوازراوی خێزانی، دوربێ لە سـەرچاوەی ئاوەکە یان ڕووبارەکە بە دوری ١٥ مەتر، بەربەسـتیان لەبەردەم دانرابێت لەو شـوێنانەی ئاوەکانیان قوڵن یان بەخورن مەترسـی خنکان و پێداچوونیان هەیە، و ئەو کەپرانەی یاری تێدایە وەکو یاری جۆلانە و هەر یاریەکی تری ناو ئاو یان ئەوانەی مەلەوانگەیان هەیە پێویستە لە شوینێک بێت پارێزراو بێت بۆ سەلامەتی خێزان بە تایبەت منداڵ. لێرەشــدا ئەگەر خاوەن کەپری گەشــتیاری ڕەچاوی ئەو مەرج و تایبەتمەندیانەی نەکرد و لە ئەنجامدا زیان بەر گەشتیاران کەوت، بەرپرسیار دەبێت بە بەرپرسیاری کەمتەرخەمی لە باڵەخانە.

کەواتە لە دوو باردا خاوەن کەپرە گەشــتیارییەکان بەرپرســیارییەتی کەمتەرخەمی دەکەوێتە ســەر شانی:

١. ئەگەر کەپری گەشتیاری ڕووخا و زیانی بە گەشتیاران گەیاند، بە هۆی ئەوەی کە عەیبێکی تیادابوو و خاوەنەکەی لەوە ئاگادار کرابوویەوە یان بە حاڵەتی کەپرەکەی دەزانی یان پێویست بوو بەو حاڵەتە بزانێت.

٢. ئەگەر گەشتیاران زیانیان بەرکەوت بە هۆی نەبوونی ئەو تایبەتمەندی و مەرجانە کە ڕێنماییەکانی بە پێویستان داناوە لە کەپرە گەشـتیارییەکاندا هەبێت و پێویسـتە گەشـتیارە زیانمەندەکان قەرەبوو بکرێتەوە لەلایەن خاوەنی کەپرەکە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێویستە تێبینی ئەوە بکرێت کە مادده(٢٢٩)ی یاسای شارستانی عێراقی ئاماژەی داوە بەوەی کە تەنها خاوەنی باڵەخانە بەرپرس دەبێت لەو زیانەی کە بە هۆی ڕوخانی باڵەخانەکەوە ڕوودەدەن. بە مانایەکی تر، خاوەنی باڵەخانە بەرپرسیارە لە کەوتن یان هەر زیانێکیتر کە باڵەخانەکە دەیگەیەنێت، جا لە ژێر دەسەڵاتی خۆیدا بێت یان لە ژێر دەسەڵاتی کەسێکیتردا بێت وەکو خوازەر(مستعير) یان خاوەن قەرزی بارمتەوەرگر(دائن مرتهن) یان سودی لێ ببینێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ وەکو بەکرێدانی یان ناراستەوخۆ یان سودی لێ نەبینێت یان بە خواستن بیدات بە کەسێکیتر( سنهوري،بدون السنة نشر ،ص٩١٣). کەواتە مەرج نیە هەمووکات باڵەخانەکە لەژێر دەسەڵاتی خاوەن باڵەخانەکە بێت، بەڵکو دەکرێت لەژێر دەسەڵاتی راستەقینەی ڕاستەوخۆی کەسێکی دیکەدا بێت کە لەو بارەدا پێویستە ئەو کەسە بە بەرپرس دابنرێت لە زیانەکان، نەک خاوەنەکەی.

سەبارەت بە کەپرە گەشتیارییەکانیش، ئەگەر خاوەن پرۆژەیەکی کەپرە گەشتیارییەکان خۆی کەپرەکانی بە کرێ دەدا بە گەشتیاران یاخود لەژێر چاودێری راستەوخۆی ئەو بوو، هیچ کێشەیەکی یاسایی دروست نابێت و دەکرێت بڕگەی یەکەمی مادده (٢٢٩)ی یاسای شارستانی عێراقی بەسەر جێبەجێ بکرێت. بەڵام کێشە یاساییەکە ئەو کاتە دروست دەبێت کە خاوەنی پرۆژەکە، کەپرە گەشتیارییەکانی بۆ ماوەیەک بدات بە کەسێکی تر، بە بەرامبەر بێت یان بێ بەرامبەر، بۆ ئەوەی بۆ بەرژەوەندی خۆی بە کرێ بدات بە گەشتیاران. لێرەدا کەپرەکان لەژێر دەسەڵاتی راستەقینەی ڕاستەوخۆی خاوەنەکەی دا نین، بە باشی نازانین بڕگەی یەکەمی مادده (٢٢٩)ی بەسەر خاوەنەکەی دا جێبەجێ بکرێت، بەڵکو پێشنیاری ئەوە دەکەین بەسەر بەرپرس یان سەرپەرشت یان پاسەوانی کەپرەکان جێبەجێ بکرێت. هەروەک چۆن یاسادانەری ئوردنیش ئەم بەرپرسیارییەتییەی ڕێکخستووە بە پێی بڕگەی یەکەمی مادەی (٢٩٠)ی یاسای شارستانی ئوردنی ژمارە (٤٣) ی ساڵی ١٩٧٦ی بەرکار کە تیایدا هاتووە "ئەو زیانانەی کە بەر کەسانی دیکە دەکەوێت بەهۆی داڕمانی تەواوی باڵەخانەکە یان بەشێکی، لەلایەن خاوەنی باڵەخانەکە یان کەسی بەرپرسی باڵەخانەکە گەرەنتی دەکرێت، مەگەر سەلمێندرا کە سەرپێچی یان کەمتەرخەمی ئەوی تێدا نەبووە." هەروەها لە بڕگەی یەکەمی مادده (١٧٧)ی یاسای شارستانی میسریدا هاتووە "پاسەوانی باڵەخانە، تەنانەت ئەگەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خاوەنی باڵەخانەش نەبێت، بەرپرسیارە لەو زیانانەی کە بەهۆی دارمانی باڵەخانەکەوە ڕوودەدەن، تەنانەت ئەگەر دارمانەکە بەشەکیش بێت، مەگەر ئەوە بسەلمێندرێت کە ڕووداوەکە بە هۆی کەمتەرخەمی لە چاککردنەوەدا نەبووە یان کۆنی باڵەخانە یان بونی عەیب تیایدا".
بۆیە پێشنیار دەکەین بۆ یاسادانەری کوردستانی بە شێوەیەک بەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمی لە کەپرە گەشتیاریەکان ڕێک بخات کە خاوەنی کەپر بەرپرسیار بێت و هەڵسێ بە قەرەبووکردنەوەی گەشتیاران لە هەر زیانێک کە بکەوێتەوە بەهۆی کەپرەکە، بەڵام ئەگەر هاتوو سەرپەرشتی یان پاسەوانی کەپرەکە گوازرایەوە بۆ کەسێکیتر، جا بەهۆی هەر مافێک یان گرێبەستێک بێت، بە هەمان شێوەش بەرپرسیارییەتیەکەش بگوازرێتەوە بۆ کەسەکە. بۆ ئەم مەبەستەش پێشنیار دەکەین کە ئەم دەقەی خوارەوە بە یاسا جێگیر بکرێت:

## 4.مەرجەکانی دروست بوونی بەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمی خاوەن کەپرە گەشتیارییەکان

بەڵگە نەویستە کە بۆ دروستبوونی هەر بەرپرسیارییەتیەک پێویستە چەند مەرجێک هەبن. جا بۆ هاتنەدی بەرپرسیاریەتی خاوەن کەپرە گەشتیارییەکانیش بە پێی یاسای شارستانی عێراقی و ڕێنمایی دەستەی گەشت و گوزار، پێویستە خاوەن کەپر سەرپێچی حوکمە یاساییەکان بکات و چەند مەرجێک بێنەدی. بۆیە لەم تەوەرەدا، باس لەو مەرجانە دەکرێت کە پێویستە بێنەدی بۆ بەرپرسیاربوونی خاوەنی کەپرەکە گەشتیارییەکان، بەم شێوەی خوارەوە:

### 4.1 ڕوودانی ڕووداوێک لە پرۆژەیەکی کەپرە گەشتیارییەکان کە ببێتە هۆی زیان گەیاندن بە گەشتیار

هەروەک دەزانرێت زیان ڕوکنێکی بنچینەیی بەرپرسیارییەتی شارستانییە، ئەگەر زیان نەبێت بەرپرسیارییەتی لە کەپرە گەشتیارییەکان دروست نابێت. چونکە بەرپرسیاریەتی واتە پابەندبوون بە قەرەبووکردنەوە، وە ئەم قەرەبووکردنەوەش بە ئەندازەی زیانەکە دەخەملێندرێت و بە نەبوونی زیان بەرپرسیاریەتیش دروست نابێت( ونون،٢٠٠٥،ص٣٢). کەواتە بۆ ئەوەی بەرپرسیایەتی خاوەنی کەپرە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گەشتیارییەکان دروست ببێت، مەرجی یەکەم ئەوەیە کە رووداوێک لە پرۆژەیەکی کەپرە گەشتیارییەکان رووبدات و بە هۆیەوە گەشتیار زیانی بەربکەوێت.

زیان ئەویە کە توشی کەسێک یان بە مافێک لە مافەکانی یان بەرژەوەندیەکی یاسایی کەسێک دەبێت. هەروەها زۆرجار زیان بەر ناوبانگی یان کەرامەتی یان شەرەفی یان جەستەی کەسەکەش دەکەوێت (الذنون،١٩٩١،ص٣٧). بە شێوەیەکی گشتی و بە کورتی بەم شێویە پێناسەی زیان کراوە بەوەی بریتییە لەوەی کە توشی مافێک لە مافەکانی کەسێک یان بەرژەوەندیەکی یاسایی کەسەکە دەبێتەوە ( الذنون،١٩٧٠،ص١٧٧). گرنگی زیان لە یاسا هاوچەرخەکان دەردەکەوێت ئەویش بە کەمکردنەوەی دەوری هەڵە لەم بوارەدا.

یاسای شارستانی عێراقی باسی زیانی کردووە، بۆ نموونە لە مادده (١٦٨)دا هاتووە ئەگەر نەدەکرا کەسی پابەندبوو بە گرێبەست خودی ئەرکەکەی جێبەجێبکات بڕیاری قەرەبووکردنەوەی لەسەر دەدرێت لەبەر پابەند نەبوونی بە ئەرکەکەی. ئەگەر نەگونجانی ئەنجامدانی ئەرکەکە بەهۆی هۆکارێکی بێگانە دروست نەبووبێت و هیچ دەستی ئەو لایەنەی تێدانەبێت، هەروەها ئەگەر ئەو کەسە دواکەوت لە جێبەجێکردنی ئەرکەکەی هەمان بڕیار دەدرێت. لەم دەقەدا، زیان لە جێبەجێنەکردنی گرێبەستدا گریمانە کراوە بە سەلماندنی پێچەوانەکەی چونکە لە بەرپرسیاریەتی گرێبەستی قاعیدەیەکی گشتی هەیە دەڵێت ناتوانین پێشبینی قەرەبووکردنەوە بکەین بەبێ هەبوونی زیان، جگە لە حالەتی قازانجی دواکەوتن چونکە لەم حالەتەدا داواکار بەرپرس نیە لە سەلماندنی زیان لەم دواکەوتنە( الذنون، ١٩٧٠،ص١٧٧). هەروەها مادە (٢٢٩) لە یاسای شارستانی عێراقی هەبوونی زیانی بە مەرج داناوە بۆ دروست بوونی بەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمی لە باڵەخانە. ئەو زیانانەی کە لەوانەیە بەر گەشتیاران بکەون لە ئەنجامی کەپرە گەشتیارییەکان دەکرێت جۆراوجۆر بن. بۆ نموونە دەکرێت زیانەکە ماددی بێت کە بەر بەرژەوەندیەکی ماددی کەسێک دەکەوێت واتە توشی ماڵ یان بەژەوەندیەکی دارایی کەسی زەرەرمەند دەبێت، کەواتە زیانی ماددی بریتییە لە پێشێلکردنی بەرژەوەندی کەسی زیان لێکەوتوو کە بەهای دارایی هەیە. خەمڵاندنی قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانەش بە گوێرەی قەبارەی زیانەکە دەبێت، هەروەک لە مادده (٢٠٧)ی یاسای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شـــارســـتانی عێراقی دا هاتووە خەملاندنی قەرەبووی زیانی ماددی بەقەد ئەو زیانە دەبێت کە بەر کەسەکە کەوتووە و ئەو دەستکەوتەی لەدەستی چووە.

لەوانەشـــە زیان ئەدەبی بێت و تووشـــی کەســـێک بێت لەو شـــتانەی کە بەهای داراییان نییە وەکو دەســتدرێژیکردنە ســەر ناوبانگ و شــەرەف و ســوکایەتی کردن و و ناوزڕاندن یاخود دەســتدرێژی و ئازاردانی هەســـت و ســـۆزی کەســـەکە ( الفضـــلی،٢٠٧،ص١٩٩). هەروەک لە مادده (٢٠٥)ی یاســـای شارستانی عێراقی دا هاتووە کە قەرەبووکردنەوە زیانی ئەدەبیش دەگرێتەوە و هەرکەسێک دەست درێژی بکاتە ســەر ئازادی یان ئابرووی یان شــکۆی یان ناوبانگی یان پێگەی کۆمەلایەتی یاخود متمانەی دارایی کەســێکی تر، بەرپرس دەبێت لە قەرەبووکردنەوەی. گرنگترین زیانیش کە لەوانەیە بەر گەشــتیاران بکەوێت لە کاتی ڕوودانی ڕووداوێک لە کەپرە گەشــتیاریەکان، زیانی جەســتەییە کە بریتیە لەو زیانەی بەر جەستەی دەکەوێت. لەمادده (٢٠٢)ی یاسای شارستانی عێراقیدا هاتووە "هەر کردەوەیەک زیان بە گیان بگەیەنێت لە کوشــتن یان برینداركردن یان لێدان یان هەر جۆرێکیتری ئازاردان پێویســـتە قەرەبوو بکرێتەوە لە لایان ئەوکەســـەی زیانەکەی ئەنجامداوە." کەواتە ئەگەر ڕووداوەکانی کەپرە گەشـــتیاریەکان ببنە هۆی زیانگەیاندن بە جەســـتەی گەشـــتیاران، ئەوا خاوەنی کەپرەکان دەبێت خەرجییەکانی چارەســـەری بدەن کە خەرجی دەرمانەکان و نەخۆشـــخانە لەخۆ دەگرێت. بۆیە دەتوانرێت بگوترێت کە زیانی جەســـتەیی دەبێتە هۆی زیانی ماددی لەتێچووی چارەسەرکردنی پزیشکی، هەروەها دەبێتە هۆی زیانی ئەدەبیش، وەک ئازاری دەروونی زیانبەرکەوتوو (صالح و رسول، ٢٠٢١،ص٤). هەروەها پێویستە ئەوەش بگوترێت کە خاوەنی کەپرە گەشتیاریەکان لەشـــوێنە گەشـــتیارییەکان پابەندن بە قەرەبووکردنەوەی ئەو کەســـانەی کە بەهۆی کەســـی مردوو زەرەرمەند بوون.

ســـەرەڕای ئەوانەی کە باســـکران، پێویســـتە زیان چەند مەرجێکی تێدا بێت بۆ ئەوەی شـــیاوی قەرەبووکردنەوە بێت. پێویستە زیانەکە ڕاستەقینە بێت واتە دڵنیا بێت لە ڕوودانی جا چ دەستبەجێ بێت واتە ڕاســـتەوخۆ ڕووبدات یان لە داهاتوودا ڕووبدات، وەکو بریندار بوونی جەســـتە کە لەوانەیە ببێتە هۆی کەم ئەندامی یـان دڵنیـا بێـت کە لە داهاتوو دەبێتە هۆی کەم ئەندامی. دەبێـت زیـانی ڕاســـتەوخۆ قەرەبوو بکرێتەوە و زیانی داهاتووش پێویســـتە قەرەبووی کاتی بدرێت بە داواکار دوای

جێگیربوونی زیانەکە. بەڵام زیانی گریمانەیی زیانێکی ڕاستەقینە نیە بۆ ڕوودانی بۆیە بڕیار نادرێت بە قەرەبووکردنەوەی ئەم زیانە( الفضلی، ،ص٢٣٣). هەروەها پێویستە زیانەکە ڕاستەوخۆی پێشبینی کراو و پێشبینی نەکراو بێت. لە بەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمی، داوالێکراو بەرپرسیار دەبێت لە زیانی ڕاستەوخۆی پێشبینیکراو و پێشبینی نەکراو بەڵام لە بەرپرسیارییەتی گرێبەستیدا تەنها لە زیانی ڕاستەوخۆی پێشبینیکراو بەرپرسیار دەبێت، مەگەر غەش و هەڵەی زۆر گەورە ئەنجام بدات، ئەوکاتە لە زیانی ڕاستەوخۆی پێشبینی نەکراویش بەرپرسیار دەبێت، بەڵام بەرپرسیار نابێت لە زیانی ناڕاستەوخۆ، نە لە بەرپرسیارییەتی گرێبەستی و نە کەمتەرخەمی ( حکیم، ،١٩٨٠ص٢٠٠). جا لە ڕووداوی کەپرە گەشتیارییەکان، خاوەن کەپر کە بەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمیان دەکەوێتە سەر، پابەند دەبن بە قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانە ڕاستەوخۆیانەی کە پێشبینی دەکرێن و پێشبینی ناکرێن، چونکە یاسا ناچاریان دەکات قەرەبووی هەموو زیانەکان بکەنەوە کە دەرئەنجامی کارە ناڕەواکانیانن، بەڵام هەرچی زیانە ناڕاستەوخۆکانن قەرەبوو ناکرێنەوە چونکە پەیوەندی هۆکاری نیە لە نێوان کارەکە و زیانەکە ( بیات، ١٩٦٢،ص٢٨٩).

### 4.2هۆکاری دروست بوونی زیانەکە ڕوخانی کەپری گەشتیاری بێت یان دارمانی یاخود نەبوونی تایبەتمەندی و مەرجە دیارییکراوەکان تیایدا

مەرجی دووەم لە دروست بوونی بەرپرسیاریەتی خاوەن کەپرە گەشتیارییەکان ئەوەیە کە پێویستە ئەو زیانەی کە ڕوودەدات بەهۆی ڕوخانی کەپرەکە یاخود دارمان بە هۆی لاربونەوەی یان بوونی عەیبێک تیایدا بێت، جا هەمووی یان بەشێکی، یاخود زیانەکە سەرهەڵبدات بە هۆی نەبوونی ئەو تایبەتمەندی و مەرجانەی کە ڕێنمایی دەستەی گەشت و گوزار بە پێویستی داناوە لە کەپرە گەشتیارییەکاندا هەبن، بۆ نموونە زیانەکەکە دروست بێت لە ئەنجامی: نەبوونی مەرجەکانی سەلامەتی و کەل و پەلەکانی فریاکەوتن وکارەبا و ئامێری فێنک کەرەوە تێدا، یان داخراو بوونی، یانیش دابین نەکردنی سەرجەم ڕێککارەکانی سەلامەتی خێزانی بۆی، یان دور نەبوونی لە سەرچاوەی ئاوەکە و ڕووبارەکە بە دوری ٥ مەتر، یاخود دانەنانی بەربەست لەبەردەمیان لەو شوێنانەی ئاوەکانیان قوڵن یان بەخورن و مەترسی خنکان و پێداچوونیان هەیە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆ ئەوەی زیانەکەش شـیاوی قەرەبووکردنەوە بێت، پێویسـتە پەیوەندی هۆکاری هەبێت لە نێوان ڕوخان و دارمانی کەپرە گەشـتیارییەکە یان نەبوونی تایبەتمەندی و مەرج کە ڕووداوەکەیان لێ دەکەوێتەوە لەگەڵ ئەو زیانە، واتە کەپرە گەشتیارییەکە ئەو زیانەی دروست کردبێت.

## 4.3 ڕوخان یان دارمانی کەپرە گەشـتیارییەکە بە هۆی کەمتەرخەمی خاوەنەکەی بێت لە چاککردنەوە یان لە هێنانەدی تایبەتمەندی و مەرجەکان

مەرجی سـێیەم بۆ هاتنەدی بەرپرسـیاریەتی خاوەنی کەپرە گەشـتیارییەکان ئەوەیە کە ڕوخانی کەپرەکە یاخود دارمان بەهۆی کەمتەرخەمی خاوەنەکەی بێت لە چاککردنەوەی کەپرەکە. چونکە بە پێی مادده (٢٢٩)ی یاسای شارستانی عێراقی، ئەگەر خاوەنی کەپری گەشتیاری بە حاڵەتی کەپرەکەی دەزانی یان پێویسـت بوو بەو حاڵەتە بزانێت کە مەیلی دارمانی هەیە یان عەیبێکی تیادایە؛ یاخود بەو حاڵەتەی نەدەزانی بەڵام لێی ئاگادار کرابوویەوە، لە هەردوو حاڵەتدا هەڵنەسـتا بە لابردنی لاری کەپرەکە یان چارەسەرکردنی عەیبەکە و لە ئەنجامدا کەپرەکە ڕوخا، جا ئەو ڕوخانە لە بەشێکی بێت یان لەهەموو کەپرەکە، وەکو هاتنە خوارەوەی بنمیچی کەپرەکە یان ڕووخانی دیوارەکانی، و کەپرەکە نوێ بێت یان کۆن، ئەوا خاوەن کەپر بە کەمتەرخەم دادەنرێت و بەرپرسیار دەبێت. هەروەها خاوەن کەپر بە دابین نەکردنی ئەو تایبەتمەندی و مەرجانەی کە ڕێنمایی دەستەی گەشت و گوزار بە پێویستی داناوە کە لە کەپرە گەشتیارییەکان هەبن، بە کەمتەرخەم دادەنرێت و بەرپرسیار دەبێت لە هەر زیانێک کە بە هۆی دابین نەکردنیانەوە بەر گەشتیار دەکەوێت.

بەڵام ئەگەر زیانەکە بە هۆی کەمتەرخەمی خاوەن کەپر لە چاککردنەوەی نەبێت، بەلکو بە هۆی ڕەشەبا یان بومەلەرزە یان ئاگرێکی سـروشـتی یاخود هەر هۆکارێکی دیکەی سـروشـتی ڕوویدا، بەرپرسـیارییەتی دروسـت نابێت، بۆنمونە خاوەنی کەپرەکە ڕێکاری پێویسـتی گرتۆتەبەر بۆ هەر حاڵەتێکی دارمان، بەڵام ئەگەر ڕەشـەبایەکی بەهێز هەڵ بکات کە نەتوانێت خۆی لێ لابدات و زیان بگەیەنێت بە سـەرجەم یان زۆربەی کەپرەکانی تریش؛ یاخود کەپرەکەی لە شـوێنێک بونیات ناوە کە ئاوەکەی قوڵ نیە و بە خوڕیش نیە بەڵام لافاوێک دروسـت دەبێت و زیان بگەینێت، لەم حاڵەتانەدا خاوەنی کەپرەکە بەرپرس نابێت لەو زیانانە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 5. بنچینەی بەرپرسیاریەتی خاوەن کەپرە گەشتیارییەکان و ڕێگاکانی خۆ دەربازکردن لێی

پێشتر ڕوونمان کردووتەوە کە بە پێی برگەی یەکەمی ماددە (٢٢٩) لە یاسای شارستانی عێراقی، بەرپرسیارییەتی شارستانی خاوەن کەپرە گەشتیارییەکان، کەمتەرخەمیە لە جۆری بەرپرسیارییەتی لە باڵەخانە و خاوەنەکەی بەر پرسیار دەبێت لەو زیانانە کە لەو کەپرانە دروست دەبن.

بە سەرنج دانی برگەی یەکەمی ماددە (٢٢٩) کە تیایدا هاتووە "ئەگەر باڵەخانەکە ڕووخا و زیانی بە کەسانی دیکە گەیاند، ئەگەر باڵەخانەکە مەیلی دارمانی هەبوو یان عەیبێکی تیادابوو کە بووە هۆی دارمانی و خاوەنەکەی لەوە ئاگادار کرابوویەوە یان بە حالەتی باڵەخانەکەی دەزانی یان پێویست بوو بەو حالەتە بزانێت، بەر پرسیار دەبێت"،( قانون المدنی عرقي، المادة٢٢٩) دەتوانرێت بگووترێت کە بنچینەی بەرپرسیارییەتی شارستانی خاوەنی کەپرە گەشتیارییەکان هەڵەیەکی گریمانەکراوە، بە دوو گریمانە: بە گریمانەیەک کە شیاوی سەلماندنی پێچەوانەکەی نیە لە حالەتێکدا و بە گریمانەیەک کە شیاوی سەلماندنی پێچەوانەکەیە، لە حاڵەتێکی دیکەدا. کەواتە لێرەدا پێویستە جیاوازی لە نێوان دوو حاڵەتەدا بکرێت، بەم شێوەی خوارەوە:

یەکەم: ئەگەر کەپرەکە لار بووەوە یان مەیلی دارمانی هەبوو یاخود عەیبێکی تێدا هەبوو کە بووە هۆی دارمانی و خاوەنەکەی لەوە ئاگادار کرابوویەوە جا ئەم ئاگەدار کردنەوەیە لەلایەن حوکمەت بێت یان لەلایەن گەشتیار، لێرەدا بەرپرسیاریەتی خاوەنی کەپرەکە لەسەر بنچینەی هەڵەیەکی گریمانەکراوە بە گریمانەیەک کە شیاوی سەلماندنی پێچەوانەکەی نیە، چونکە ئاگادارکردنەوەی خاوەنەکەی لە لایان کەسانی دیکە بەوەی کە کەپرەکە لارە یان عەیبێکی هەیە و هەڵنەستانی بە چاککردنەوەی و یان بە کاری پێویست بۆ ڕێگریکردن لە ڕوودانی زیان، بە کەمتەرخەمیەک دادەنرێت کە ناتوانرێت نکۆڵی لێ بکرێت. بۆیە بەرپرسیارییتیەکەی لەسەر ئەو بنچینە دەبێت کە ناتوانێت خۆی لێ دەرباز، تەنها بە سەلماندنی هۆکاری بیانی نەبێت.

دووەم: ئەگەر خاوەنی کەپرە گەشتیارییەکە بە حاڵەتی کەپرەکەی دەزانی یان پێویست بوو بەو حالەتە بزانێت بەوەی کەپرەکە لار ببوو یان عەیبێکی تێدا هەبوو کە بووە هۆی دارمانی ، بە بێ ئەوەی لەو حالە ئاگادارکرابێتەوە، لێرەدا بەرپرسیاریەتی خاوەنی کەپرەکە لەسەر بنچینەی هەڵەیەکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گریمانەکراوە بە گریمانەیەک کە شـــیاوی ســـەلماندنی پێچەوانەکەیە، خاوەنەکە دەتوانێت خۆی لە بەرپرســیاریەتی دەرباز بکات بە نکۆڵیکردنی هەڵە گریمانەکراوەکە، ئەویش بە سـەلماندنی ئەوەی کە بە حاڵەتی کەپرەکەی نەدەزانی کە لار بووە یان مەیلی داڕمانی هەبوو یاخود عەیبێکی تێدا بوو و نەیتوانیوە بە حاڵەتەکە بزانێت، بۆ نمونە خاوەنی پرۆژەی کەپرە گەشـتیارییەکان لەوانەیە تازە ئەو پرۆژەیەی کڕی بێت یان بە میرات بۆی مابێتەوە یاخود بە هەر هەڵسوکوتێکی دیکەی یاسایی، و لەو ماوە کەمەدا نەیتوانی بێت ئاگاداری کەموکوڕیەکانی بێت یاخود بەهۆی ئەوەی کە ماڵی لە شـوێنێکە دورە لە کەپرەکان، هەروەها دەتوانێت خۆی دەرباز بکات لە بەرپرسـیارییەتی بە سـەلماندنی هۆکاری بیانی.

پێویسـتە تێبینی ئەوەش بکرێت کە ڕێنمایی دەسـتەی گەشـت و گوزار سـەبارەت بە بەرپرسـیاری شارستانی بێ دەنگە و بابەتەکەی ڕێکنەخستووە. سەبارەت بە یاسا بەراوردکارییەکان، بە پێی یاسای شـارسـتانی میسـری، بنچینەی بەرپرسـیاریەتی خاوەن کەپرە گەشـتیاریەکان بریتیە لە هەڵەیەکی گریمانەکراو بە گریمانەیەک کە شـیاوی سـەلماندنی پێچەوانەکەیە، چونکە لە بڕگەی یەکەمی ماددە (١٧٧)ی یاسـای شـارسـتانی میسـریدا هاتووە "پاسـەوانی باڵەخانە، ... ، بەرپرسـیارە لەو زیانانەی کە بەهۆی داڕمـانی بینـاکەوە ڕوودەدەن، تەنـانەت ئەگەر داڕمـانەکە بەشـەکیش بێـت، مەگەر ئەوە بسـەلمێندرێت کە ڕووداوەکە بە هۆی کەمتەرخەمی لە چاککردنەوەدا نەبووە یان کۆنی بینا یان بونی عەیب تیایدا". هەروەها لە بڕگەی یەکەمی مادەی (٢٩٠)ی یاسـای شـارسـتانی ئوردنی ژمارە (٤٣) ی سـاڵی ١٩٧٦ی بەرکاردا هاتووە "ئەو زیانانەی کە بەر کەسـانی دیکە دەکەوێت بەهۆی داڕمانی تەواوی بیناکە یان بەشـێکی، لەلایەن خاوەنی بیناکە یان کەسـی بەرپرسـی بیناکە گەرەنتی دەکرێت، مەگەر سـەلمێندرا کە سـەرپێچی یان کەمتەرخەمی ئەوی تێدا نەبووە." کەواتە دەردەکەوێت کە یاسادانەری ئوردنیش بنچینەی ئەم بەرپرسـیـاریەتیەی کردووە بە گریمـانەیەک کە شـیـاوی سـەلمـانـدنی پێچەوانەکەیەتی.

لێرەدا ڕوون دەبێتەوە کە ئەو وڵاتـانە بنچینەی بەرپرسـیـارییەتی شـارسـتـانی خـاوەن کەپرە گەشـتیارییەکانیان بە هەڵەیەکی گریمانەکراو داناوە؛ بەپێی یاسـای شـارسـتانی میسـری و ئوردنی، هەڵەیەکی گریمانە کراوە بە گریمانەیەک کە شیاوی سـەلماندنی پێچەوانەکەیەتی و هەروەها بە پێی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یاسای شارستانی عێراقش دەکرێت هەڵەیەکی گریمانەکراو بێت بە گریمانەیەک کە شیاوی سەلماندنی پێچەوانەکەی نیە و دەشکرێت شیاوی سەلماندنی پێچەوانەکەی بێت.
هەروەک پێشتر مادەیەکی یاساییمان پێشنیار کردووە بۆ یاسادانەری کوردستانی بە مەبەستی ریکخستنی یاسایی تایبەت بە بەرپرسیاریەتی شارستانی لە پرۆژەی کەپرە گەشتیارییەکان، جەخت دەکەینەوە لەوەی کە بنچینەی ئەم بەرپرسیارییەتی بە هەڵەیەکی گریمانەکراو وەرگرێت کە شیاوی سەلماندنی پێچەوانەکەی بێت بەم شێوەیە " خاوەنی کەپری گەشتیاری ...، مەگەر ئەوە بسەلمێندرێت کە رووداوەکە بە هۆی سەرپێچی یان کەمتەرخەمی لە چاککردنەوەدا نەبوو یان کۆنی کەپر یان بونی عەیب تیایدا." چونکە ئەگەر رێگا بە خاوەن کەپرەکە نەدرێت پێچەوانەی هەڵە گریمانکراوەکە بیسەلمێنێ، لەوانەیە زەرەرمەند بێت لەو حالەتانەدا کە سەرپێچی حوکمی یاسایی نەکردووە یان کەمتەرخەم نەبووە لە چاککردنەوەی کەپرەکە یان کەپرەکە کۆن یاخود عەیبدار نەبووە. بۆیە لامان پەسەندە کە بتواندرێت پێچەوانەکەی بسەلمێندرێت ئەمەش پاراستنی باڵانسە لە نێوان خاوەن کەپر و گەشتیاری زیان لێکەوتوو.

## 6. کۆتایی

لە کۆتای ئەم توێژینەوەیە گەیشتینە چەند دەرئەنجامێک و ژمارەیەک راسپاردەش دەخرێنە روو، بەم شێوەی خوارەوە:

### 6.1 دەرئەنجامەکان

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیە دەگەین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1. گەیشتین بەو ئەنجامەی ئەگەر گرێبەستێکی دروست لە نێوان خاوەن کەپری گەشتیاری و گەشتیاردا هەبوو، جا گرێبەستکاران لە هەمان شوێن و کاتدا ئامادە بن یان نە و بە هەر رێگایەک بەسترا بێ، کە هەرسێ پایەکانی گرێبەستی تێدا بێت و خاوەن کەپر سەرپێچی بکات لە یەکێک یان زیاتر لە پابەندبوونەکانی ناو گرێبەستەکە یاخود گرێبەستەکەی جێبەجێ نەکرد وەک ئەوەی لەسەری رێککەوتبوون، لە ئەنجامدا گەشتیار زیانی بەرکەوت، ئەوا بەرپرسیارییەتی گرێبەستی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەکەوێتە سەر شانی خاوەن کەپر و پێویستە گەشتیارە زیانمەندەکە قەرەبوو بکرێتەوە لەلایەن خاوەنی کەپرەکە.

2. . خاوەنی کەپری گەشتیاری یان پاسەوان یان سەرپەرشتیار یان هەر کەسێکی دیکە کە دەسەڵاتی راستەقینەی راستەوخۆی هەبێ لەسەر کەپرە گەشتیارییەکان، تەنانەت ئەگەر خاوەنی کەپرەکانیش نەبێت، بەرپرسیارە لەو زیانانەی کە بەهۆی کەپرەکان یان هەر داڕمانێکی هەمووەکی یان بەشێکی کەپرەکان یان هەر کەم و کورتیەکی تریان بەر کەسانی دیکە دەکەوێت، مەگەر ئەوە بسەلمێندرێت کە رووداوەکە بە هۆی سەرپێچی یان کەمتەرخەمی لە چاککردنەوەدا نەبوو یان کۆنی کەپر یان بونی عەیب تیایدا.

3. بەرپرسیاریەتی خاوەنی کەپرە گەشتیارییەکان بەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمیە، لەکاتی لادان لە دەقێکی یاسایی یان رێنماییەکان کە لەلایەن دەستەی گەشت و گوزار دەرکراون، جۆرەکەشی بەرپرسیاریەتیە لە باڵەخانەکان چونکە کەپری گەشتیاری زۆربەی خاسیەتەکانی بینا لەخۆدەگرێت بە پێی یاسای شارستانی عێراقی.

4. بۆ دروست بوونی بەپرسیاریەتی کەمتەرخەمی خاوەن کەپرە گەشتیارییەکان پێویستە چەند مەرجێک بێنەدی، ئەوانیش: هەبوونی ڕووداوێک لە پرۆژەی کەپرە گەشتیارییەکان کە ببێتە هۆی زیان گەیاندن بە گەشتیار، هۆکاری دروستبوونی زیانەکە بەهۆی ڕووخانی کەپری گەشتیاری بێت یان دارمانی یاخود نەبوونی تایبەتمەندی و مەرجە دیاریکراوەکان تیایدا، و هەروەها ئەم ڕووخان و دارمانەش بەهۆی کەمتەرخەمی خاوەنەکەی بێت لە چاککردنەوە یان هێنانەدی تایبەتمەندی و مەرجەکان.

5. بنچینەی بەرپرسیاریەتی شارستانی خاوەنی کەپرە گەشستیارییەکان هەڵەیەکی گریمانەکراوە، بە دوو گریمانە: یەکەم: بە گریمانەیەک کە شیاوی سەلماندنی پێچەوانەکەی نیە، ئەگەر کەپرەکە لار بووەوە یان مەیلی دارمانی هەبوو یاخود عەیبێکی تێدا هەبوو کە بووە هۆی داڕمانی و خاوەنەکەی لەوە ئاگەدار کرابوویەوە.دووەم:بە گریمانەیەک کە شیاوی سەلماندنی پێچەوانەکەیە، بەوەی ئەگەر خاوەنی کەپرە گەشتیارییەکە بە حاڵەتی کەپرەکەی دەزانی یان پێویست بوو بەو حاڵەتە بزانێت بەوەی کەپرەکە لار بوو یان عەیبێکی تێدا هەبوو کە بووە هۆی داڕمانی، بەبێ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوەی لەم حاڵەتە ئاگەدارکرابێتەوە، لێرەدا خاوەنەکە دەتوانێت خۆی لە بەرپرســیاریەتی دەرباز بکات بە ســەلماندنی ئەوەی کە بە حاڵەتی کەپرەکەی نەدەزانی کە لار بووبوو یان مەیلی داڕمانی هەبوو یاخود عەیبێکی تێدابووە و نەیتوانیوە بە حاڵەتەکە بزانێت.

### 6.2 ڕاسپاردەکان

لە کۆتایی توێژینەوەکە چەند ڕاسپاردەیەک دەخەینە ڕوو:

1. پێشنیار دەکەین کە مەرج و تایبەتمەندییەکانی کەپرە گەشتیارییەکان بە پێی ڕێنمایی دەستەی گەشت و گوزار، لە یاسادا جێگیر بکرێت.
2. بۆ یاســادانەری کوردســتانی پێشــنیاری زیادکردنی پێناســەی کەپرە گەشــتیارییەکان و بابەتی بەرپرسیاریەتی شارستانی خاوەنی کەپرە گەشتیاریەکان دەکەین لە یاسای گەشت و گوزار لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٩) ی ساڵی ٢٠٢٢ .هەروەها پێشنیار دەکەین ئەم پێناسەیەی خوارەوە بۆ کەپرە گەشــتیارییەکان لە یاســاکەدا جێگیر بکرێت: کەپری گەشــتیاری: هەر پێکهاتە یان دامەزراوەیەکی جێگیرکراوی ســەقفداری کراوە تەرخــانکراو بۆ حەوانەوەی گەشــتیــاران دروستکرا بێت لە تەنیشت سەرچاوەیەکی ئاوی یان شوێنێکی گەشتیاری بە هەر پێکهاتەیەک، کە سەرجەم کەل و پەلی فریاکەوتن و مەرجەکانی سەلامەتی گەشتیارییان تێدا بێت.
3. پێشــنیار دەکەین بۆ یاسادانەری کوردســتانی بە شــێوەیەک بەرپرســیاریەتی کەمتەرخەمی لە کەپرە گەشــتیــاریەکان رێک بخات کە خاوەنی کەپر بەرپرســیــار بێت و پابەند بکرێت بە قەرەبووکردنەوەی گەشتیاران لە هەر زیانێک کە بکەوێتەوە بەهۆی کەپرەکە، بەڵام ئەگەر هاتوو ســەرپەرشــتی یان پاســەوانی کەپرەکە گوازرایەوە بۆ کەســێکیتر، جا بەهۆی هەر مافێک یان گرێبەســتێک بێت، بە هەمان شــێوەش بەرپرســیارییەتیەکەش بگوازرێتەوە بۆ کەســەکە، و هەروەها بنچینەی ئەم بەرپرســیــاریەتیەش بە هەڵەیەکی گریمانەکراو وەرگرێت کە شــیــاوی سەلماندنی پێچەوانەکەی بێت. بۆ ئەم مەبەستەش پێشنیار دەکەین کە ئەم دەقەی خوارەوە بە یاسا جێگیر بکرێت.
4. پێشــنیــار دەکەین بۆ یــاســـادانەری کوردســـتــانی،بنچینەی بەرپرســیــاریەتی خــاوە کەپرە گەشتیارییەکان بە هەڵەیەکی گریمانەکراو وەرگیرێت کە شیاوی سەلماندنی پێچەوانەکەی بێت،

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مەگەر ئەوە بسەلمێندرێت کە ڕووداوەکە بە هۆی سەرپێچی یان کەمتەرخەمی لە چاککردنەوەدا نەبووە یان کۆنی کەپر یان بونی عەیب تیایدا." چونکە ئەگەر ڕێگا بە خاوەن کەپرەکە نەدرێت پێچەوانەی هەڵە گریمانکراوەکە بیسەلمێنێ، لەوانەیە زەرەرمەند بێت لەو حالەتانەدا کە سەرپێچی حوکمی یاسایی نەکردووە یان کەمتەرخەم نەبووە لە چاککردنەوەی کەپرەکە یان کەپرەکە کۆن یاخود عەیبدار نەبووە. بۆیە ڵامان پەسەندە کە بتواندرێت پێچەوانەکەی بسەلمێندرێت ئەمەش پاراستنی باڵانسە لە نێوان خاوەن کەپر و گەشتیاری زیان لێکەوتوو.

## سەرچاوەکان


1. جعفر الفضلی. ٢٠٠٧. الوجیز فی العقود المدنیة، بغداد، مکتبة القانونیة.
2. حسن علی الذنون. ١٩٧٠. اصول التزام، بغداد، مطبعة المعارف.
3. حسن علی ذنون. ١٩٩١. المبسوط في المسؤلية المدنية، بغداد، شركة تايمس للطبع والنشر.
4. رضوان شریف صالح و توران کریم رسول. ٢٠٢١. بەرپرسیياریەتی حکومەت لە قەرەبووکردنەوەی ڕاگیراوان و حوکمدراوان لە کاتی بێ تاوانی و دەرچوونیان لە هەرێمی کوردستاندا، گۆڤاری قەڵای زانست، ٦(٤) ٩٠-١١٥.
5. سلمان بيات. ١٩٦٢. القضاء المدنى العرقى، بغداد، شريكة طبع و النشر الاهلية.
6. سمير سهيل ونون. ٢٠٠٥. المسؤلية المدنية عن فعل الاالات المكانيكية، لبنان، المؤسسة الحديثة للكتاب.
7. عبد الرازق احمد السنهورى. بدون سنة النشر، الوسيط في شرح القانون المدني ، الجزء الأول، بدون مكان النشر.
8. عبدالمجيد حكيم و عبدالباقي البكري. ١٩٨٠. الوجيز في نظرية الالتزام في القانون المدني العرقي، بغداد، وزارة تعليم عالى.
9. فوزى كازم المياحى. ٢٠١٦. في المسؤولية التقصيرية مسؤولية المتبوع عن اعمال تابعة، طبعة الاول، بغداد، مكتبة صباح.
10. فيصل محمد عبدالغانمى. ٢٠١٨. التعبير عن الارادة فى العقود الالكترونية، مجلة جامعة تكريت للحقوق (٣)٢.

11. مصطفى ابراهيم الزلمى. ١٩٩٩. اصول الفقه الأسلامي في نسيجة الجديد، بغداد، شركة الخنساء.
12. نبيل ابراهيم سعد. ٢٠٠٤. النظرية العامة للالتزام، القاهرة، دار جامعة الجديدة.

**سەرچاوە ئۆنلاینەکان**

1. Cambridge Dictionary. n.d. Gazebo <https://dictionary.cambridge.org/us/dictionary/english/gazebo >accessed: 10 Janury 2023.
2. Law Insider. n.d. Gazebo definition <https://www.lawinsider.com/dictionary/gazebo > accessed: 10 Janury 2023.
3. Oxford Learning's Dictionaries. n.d. Gazebo < https://www.oxfordlearnersdictionaries.com/definition/english/gazebo > accessed: 10 Janury 2023.
4. The Free Dictionary. n.d. Gazebo <https://www.thefreedictionary.com/gazebos > accessed: 10 Janury 2023.

**یاساو ڕێنماییەکان**

1. قانون المدنى عراقي رقم(٤٠) لسنة(١٩٥١)
2. قانون المدنى مصرى رقم(١٣١) لسنة(١٩٤٨)
3. قانون المدني الأردني رقم (٤٣) لسنة ١٩٧٦
4. ڕێنمايى وەزارەتى شارەوانى و دەستەى گەشت و گوزار، ژمارە (١٣٧٦/٦٠٠) ساڵى (٢٠١٨).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# The Civil Responsibility of Tourist Gazebo Owners in the Kurdistan Region

**Asst. Prof. Dr. Rdhwan Shareef Salih**
Department of law, Faculty of Political science and Management, Soran university, Kurdistan Region, Iraq.
rdhwan.salih@soran.edu.iq

**Helin Abdulrahman Towfiq**
Kurdistan Bar Association, Erbil, kurdistan Region, Iraq.
helinabdulrahman9@gmail.com

***Keywords:*** *Civil Responsibility, Contractual Responsibility, Tort Responsibility, Tourist Gazebo, Tourist*

## Abstract

Humans are responsible for how they treat the goods and things that are under their care or control, and in the event of any damage caused by them, civil liability arises and the sufferer must be compensated. Tourist gazeboes, which are currently very common in tourist areas of the Kurdistan Region, are not excluded from harming tourists and frequently caused various accidents in tourist attractions, even resulting in tourist deaths. Although the responsibility of the owners of tourist gazebos is not regulated by a specific law or article, in the event of any damage, according to the general provisions of the Iraqi Civil Law and regulations, it will be decided. Therefore, the main purpose of this study is to determine the type of responsibility of the tourist gazebo's owners and the legal adaptation of this responsibility, as well as present the conditions and legal basis of this responsibility. To achieve this goal, this study follows an analytical and comparative method that analyzes the relevant articles of the Iraqi Civil Law in force in the Kurdistan Region and compares them with the Egyptian and Jordanian Civil Laws. Finally, we concluded that the liability of the tourist gazebo's owners can be contractual and also can be tort in the type of building responsibility,

and a number of conditions must be met for the responsibility to arise. It is also proposed that this responsibility be more specifically regulated legally.

## المسوؤلية المدنية لأصحاب الكبرات السياحية في اقليم كردستان

**ملخص**

يتحمل البشر مسؤليه كيفيه تعاملهم مع الاشياء التى تقع تحت رعايتهم أو سيطرتهم، أيضا تنشأ المسؤلية المدنية في حالة حدوث أي ضرر ناتج عن ذلك ويجب تعويض المتضرر، الكبرات السياحية (الجوادر السياحية- المضلات) المنتشرة حاليا في المناطق السياحية في الاقليم كردستان لا تستثنى من ألحاق الأذى بالسياح وكثيرا ما يسبب وفاة سياحيون. المسؤلية أصحاب كبرات السياحية لم يتم تنظيمها من قبل القانون أو مادة محددة، أي في حالة حدوث اي ضرر يتم تطبيق التعليمات والاحكام العامة للقانون مدني العراقي النافذ في اقليم، لذلك فأن الغرض الرئيسي من هذه الدراسة هو تحديد نوع مسؤلية مالك الكبرات السياحية والتكييف القانوني ايضا عرض الشروط والاساس القانوني للمسؤلية، نعتمد في هذا البحث على دراسة التحليلية والمقارنة، تقوم بتحليل المواد ذات الصلة بالقانون المدني العراقي النافذ في اقليم كردستان ومقارنتها مع القوانين المدني المصري والاردني، وفي الأخير حصلنا على النتائج ان المسؤلية مالكي الكبرات السياحية يمكن ان تكون تعاقدية أو ضررا في نوع مسؤلية المبنى يجب ان تكون هناك مجموعة من الشروط لإثبات تلك المسؤلية او لإنشائها، وقد أقترح تنضيم هذه المسؤلية بطريقة أكثر تفصيلا من قبل جهات معينة.